# بۆ ئەوەی وێنە دیجیتاڵییەکانتان نەدزرێن چ دەکەن؟

داتاکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت جا دەق بێ یان فایلی ڤیدیۆیی و وێنەیی تاکەکەسین و زۆر لە فایل و داتاکان تەنیا حەز دەکەن خۆتان بیانکەنەوە و کەسی دیکە نەتوانی سەیریان بکات، بەتایبەتی فایلە وێنەییەکان. هەندێك جار راگرتنی ئەلبومە دیجیتاڵییەکان لەلات زۆر گرنگە و وێنەکانت ئەوەندە نهێنین کە حەز ناکەی کەسانی نزیکی خۆشت بیان بینن، کەوایە بۆ پاراستنی وێنەکانتان چ دەکەن؟ باشترین پرۆگرام بۆ راگرتنی وێنەکانتان پرۆگرامی Privacy Photo Album ە. ئەو پرۆگرامە بەتایبەتی بۆ ئەوانە داندراوە کە حەز ناکەن کەس وێنەکانیان ببینێ. گەر ئەو پرۆگرامە دابەزێنینە سەر کۆمپیوتەر تەنانەت ئەوکاتەی کە یەکێکیش فایلێکی وێنەیی کۆپی دەکاتە سەر فلاش میمۆری و دەیدزێت لە کۆمپیوتەری دیکەش ناتوانێ بیکاتەوە.





پرۆگرامی ناوبراو دەتوانێ ئەلبومی جۆراوجۆر لە وێنەکانتان دروست بکات و پاشان کۆدی نهێنی واتە پاسوۆردی لەسەر دابنێت. بۆ دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە بە خۆڕایی دەتوانی ئەو لینکە http://coolstuff.ws/software/prphotoalb لێبدە و پرۆگرامەکە دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت.



## مۆبایلیش هەڵدەفڕێت

کۆمپانیای LG کە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، بەم دواییە مۆبایلێکی بەرهەم هێناوە کە سێوەکەی لە باڵندەیەك دەچێت کە باڵەکانی کرابنەوە. ئەو دیزاینە رۆمانسییە کە بە Flutter واتە (باڵ لێدان) ناسراوە، تا رادەیەك ناوبانگی بۆ کۆمپانیای ناوبراو گەڕاندۆتەوە، هەرچەندە بەم دواییە کۆمپانیای LG بەهۆی بەرهەمهێنانی مۆبایلی لەمسی تا رادەیەك گەشەکردنی بەخۆوە دیت.






## گەشت لە ئینتەرنێتدا ناساندنی سایتی www.twiddla.com

ئینتەرنێت ئەو جیهانە بەرفرە خەیاڵییەیە کە هەرچی لەناویدا بگەڕێی، زیاتر سەرنجت بۆ لای خۆی رادەکێشێ. کەشکۆڵێکی سیحرییە هەرچی دەستی بۆ بەری تێیدایە. لەم جارەی گەڕان لە ئینتەرنێتدا سایتی www.twiddla.comتان پێ دەناسێنین. سایتی "تویدلا" سایتێکی بچووکە کە وەك وایت بۆرد "تەختە سپی" دەچێت، دەتوانی ئەوەی مەبەستتە لەسەری بنووسی یان بکێشیەوە. دەکرێ لەسەر ئەو وایت بۆردە وێنە و فیلمیش دابندرێ، ئەو سایتە باشترین و خێراترین ئامرازە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە ئۆنلاینەکان. بۆ سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی ئەم سایتە سەر لەم ئەدرەسە http://www.twiddla.com بدەن.



## کەمکردنەوەی کارەبا بە شێوازی دیجیتالی

بەهەدەردانی کارەبا، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك ئێمەدا کە یەکێك لە کێشە گەورەکان نەبوونی کارەبایە، تاوانە. زۆر ڕێگە هەن بۆ ئەوەی کە کارەبای زیادی بەکار نەهێنرێت. یەکێك لەو ڕێگەیانە بەکارهێنانی ئەو ئامێرە دیجیتالییەیە، ئەو ئامێرە لەنێوان پلاکی کارەبا و ئامێرە کارەباییەکە دادەنرێ و بەهۆیەوە دەزاندرێ کە هەر ئامێرێك چەندە کارەبای دەوێت.



# باشترین پرۆگرام بۆ نیشاندانی بەر لە پرێنت کردن



پرێنت کردنی دەقێکی سەر کۆمپیوتەر یان وێنەیەك، ئەوەندە ئەرکێکی دژوار نییە، تەنیا فەرمانی print دابگرە و ئەوەی مەبەستتە چاپ دەبێت، بەڵام هەمیشە پرێنت کردن ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە نیازتە پشتی پاکەتێك چاپ بکەی، یان کتێبێك بە هەردوو ڕوویەکەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێشتر دەبێ بە مەستەرە ئەندازەی پاکەتەکەت گرتبێ ئەگینا بەو جۆرەی مەبەستتە نووسراوەکە ناکەوێتە سەر پشتی پاکەتەکە. پرۆگرامی pripprineter ڕاست بۆ ئەم مەبەستە داهێنراوە. بەو پرۆگرامە دەکرێ هەر کردارێکی پرێنت کردن بکەی، تەنانەت دەکرێ کتێبیشی پێ چاپ بکرێ بە هەردوو ڕووکەیەوە. کارکردن لەسەر ئەم پرۆگرامە زۆر ئاسانە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە. تەنیا بە سێ هەنگاو فایلەکەت چاپ دەکەی. دیاریکردنی سایزی لاپەڕەکە، ژمارەی چاپکردن لە یەك لاپەڕەدا، مەودای پرێنتەکە لەگەڵ لێواری کاغەزەکە، دیاریکردنی جۆری چاپکردن. بەشێکن لە تواناکانی ئەو پرۆگرامە. تەنانەت بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی بەشێك لەو دەقەی کە نیازت نییە چاپی بکەی لە کاتی چاپکردندا لابەری. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی تەنانەت ئەو پرینتەرانەی کە ناتوانن هەردوو ڕووی کاغەزەکە چاپ بکەن، ڕێنوێنیت بکات کە بتوانی زۆر بە ئاسانی لە هەردوو ڕووەکەی چاپ بکەی. هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی دەکرێ فایلی PDF دروست بکەی. بۆ ئەوانەی کە مەبەستییان هەیە ئەو پرۆگرامە بە خۆڕایی دابەزێنن سەر لە سایتی http://www.pripprinter.com/download.htm بدەن.

# کۆمپیوتەرە دووشاشەکەی تۆشیبا



ئەو کۆمپیوتەرەی کە لەوێنەکەدا دیارە، نازانین دەچێتە خانەی کۆمپیوتەری جۆری نۆت بوکەوە، یان تایبلێت. کۆمپانیای توشیبا چەند ڕۆژ لەمەوبەر کۆمپیوتەری جۆری Li-bretto W100 بەرهەم هێناوە کە لە شێوەدا زیاتر وەك لاپتۆپ دەچێت، بەڵام لەبری کیبۆرد لە بەشی خوارەوە شاشەیەکی دیکە هەیە. کۆمپانیای تۆشیبا ڕایدەگەیەنێ کە ئەو کۆمپیوتەرە زیاتر بەمەبەس[...] ویندۆز7 داهێنراوە. یەک[...]

لێکدەرەوەی کۆمپیوتەرەکە واتە CPUەکەی 2 گیگاهێرتزە، هەروەها رامەکەشی دوو گیگابایتە. دوو شاشەی هەیە کە هەر کامیان 7 ئینجن، چونکە کیبۆردەکەی لەمسیە دەکرێ بە 6 جۆری جیاواز تایپ بکەی. کێشی ئەم کۆمپیوتەرە تەنیا هەشتسەد گرامە. دەکرێ پێکەوە لەیەك کاتدا لە هەردوو شاشەکە سوود وەربگری. بۆ نموونە دەکرێ لە یەکێکیاندا سایتێك [...]کەیەوەو لەوەی تریاندا [...]بەتێك بنووسی.